هەرێمی کوردســـتان/عێراق

ئەنجومەنی وەزیـران

إقليم كوردستان/العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (١١) لە ٢٠١٩/٧/٣٠

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣) لە ٢٠١٩/٧/٣٠، بڕیاردرا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (شارەوانی و گەشتوگوزار، تەندروستی، ناوخۆ) و دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە بە ئامادەکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ پاراستنی گیان و سەلامەتی گەشتیاران و هاووڵاتییان لە شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان.

٢. پێویستە خاوەن پڕۆژە گەشتیارییەکانی کەرتی تایبەت و پڕۆژە گەشتیارییە گشتییەکانیش پابەند بکرێن بەو ڕێنماییانەی لە بڕگەی (١)ی سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە، و دابینکردنی پێداویستییەکانی پاراستنی گیان و سەلامەتی گەشتیاران و هاووڵاتییان و هۆشیارکردنەوەی گەشتیاران لە ڕێنماییەکانی بەکارهێنانی بوارەکانی گەشتیاری وەك مەلەکردن و یارییەکان و بەکارهێنانی هۆیەکانی گواستنەوە لە ناو ئاو.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران